ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
74
25 ی کانونی یەکەم/ دێسەمبەری 2023

## هەڵبژاردن دەست بۆ پایەی سیستەمی سیاسی و چینایەتی نابات، بەڵکو لە مەترسی شۆڕش دەیپارێزێت!



## پاش دە ساڵ، هەڵبژاردنێک بە نەعرەتەی قەومی

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٣

## پەیامێک بۆ هاوڵاتیانی کەرکوک!

**گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن کۆتایی هات، کاتی وەلانانی دەسەڵات و دامەزراندنی دەسەڵاتی لەخوارەوەی جەماوەرییە!**

بۆ لاپەڕە ٥

## بەیاننامەی ژمارە ٤ ی سێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەناوچەکە:

**بەشەریەتی موتەمەدن، چەند هەنگاوێک بۆپێشەوە تەریک کەوتنەوەی ئەمریکا و ئیسرائیل**

بۆ لاپەڕە ٧


## ڕیسوایی و بنبەستی ئەمریکا و ئیسرائیل

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٩

**فشاری خەڵکی ئازادیخوازی دنیا و بەتایبەتی رۆژاوا بۆ دەستبەجێ ڕاگرتنی شەڕ لەدژی دانیشتوانی غەززە، ئەو فاکتەرە کاریگەرەیە کە دەتوانێ ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپا ناچاربکات دەستبەرداری پشتیوانی بێمەرجیان بن لە ئیسرائیل و هاوکات فشار لەسەر ئیسرائیل دابنێن تا کۆتایی بە جەنگەکەی دژی منالان و خەڵکی مەدەنی فەلەستین بهێنێ!**

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!



**موحسین کەریم**

## هەڵبژاردن؛ ترساندنی دانیشتوانی شارێک!

هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق( بێجگە لە هەرێم) کۆتایی پێهات. رێژەی بەشداری هاوڵاتیان بەڕادەیەکی بەرچاو کەم بووە. بەپێی ڕاگەیاندنی کۆمیسۆنی هەڵبژاردنەکان، رێژەی بەشداربوون لە شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق نزیکەی ٢٠ ٪ بووە. بەڵام رێژەی بەشداربوون لە کەرکوک نزیکەی ٦٦٪ بووە!.

گومان لەوەدا نیە کە هاوڵاتیانی عێراق ئەزمونی نزیکەی ٢٠ ساڵیان لە دەنگدان و هەڵبژاردنیان هەیە، کە بەدوای روخاندنی رژێمی بەعس، وەکو سیستەمێکی سیاسی و حوکمڕانی لە عێراقدا جێگیرکرا. لەو ماوەیەدا، بەکردەوە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی عێراق ئەوەیان بۆ دەرکەوتوە کە هەمیشە لە سندوقەکانی دەنگدانەوە کۆمەڵێک مافیای چەکدارو تالانچی سەردەهێننەدەرەوەو دەبنەوە بە حاکمی خەڵک. سامان بۆخۆیان کۆدەکەنەوەو و خەڵکیش لە سەرەتاییترین ماف و ئازادیەکانی بێبەش کراوەو دەکرێ. رۆژ دوای رۆژ و هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن، گیرفانی کۆمەڵێک دزو تالانچی تفەنگ بەدەست پڕتر دەبێت و سفرەی خەڵکی زەحمەتکێشیش خاڵیتر و بێرەونەقتر دەبێت! بۆیە بەردەوام رێژەی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا بەرەو داشکان و کەمبوونەوە دەچێت. ئەم راستیە تەنانەت لەلایەن خودی دەسەڵاتداران و حزبە دەسەڵاتبەدەستەکانیشەوە نکولی لێ ناکرێ و وەکو نیگەرانیەکی جدی تەماشای دەکەن.

بۆ لاپەڕە ٢

# درێژەی.......هەڵبژاردن؛ ترساندنی دانیشتوانی شارێک!

بەڵام بۆچی لە کەرکوک، ڕێژەی بەشداربوون و دەنگدان بەورادەیە، بەبەراورد بە شارەکانی دیکەی عێراق، بەرزبووە!؟

بۆچوونێک هەیە باس لەوە دەکات کە لەبەرئەوەی یەکەمجارە لە کەرکوک هەڵبژاردنی پارێزگا دەکرێ، بۆیە خەڵکی کەرکوک وەکو ئەزمونیکی نوێ لێی دەڕوانن و بەپەرۆشەوە بەشدارییان تێداکردوە بۆئەوەی گۆڕانکاری سیاسی دروست بکەن. بەڵام ئەم لێکدانەوەیە هیچ ڕاستیەکی تێدا نیە. خەڵکی کەرکوک، لەلایەکەوە، وەکو باقی خەڵکی کوردستان و عێراق، ئەزمونی هەڵبژاردنی پەرلەمانیان هەیە، کە هیچ ئاڵوگۆڕێکی لە دۆخی ژیان و گوزەرانی ئەوان بەرەو باشتر بەدی نەهێناوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئاگاداری دۆخی سیاسی و ژیان و گوزەرانی خەڵکن لە هەرێم و عێراق، لەژێر سایەی دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی و ئیسلامی سیاسی شیعەو باقی هێزو گروپە میلیشاییە ئیسلامی و عروبیەکاندا. خەڵکی کەرکوک پێویستیان بەوە نەبوەو نیە تا هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک بکرێ بۆئەوەی ماهیەتی ئەو حزبانە و دەسەڵاتەکەیان بۆدەربکەوێ. هەر ئەو هوشیاریە سیاسیە گشتی و هاوبەشەی خەڵکی کەرکوک بوو لەگەڵ خەڵکی شارەکانی دیکەی عێراق شارەکانی هەرێم، کە وایکرد بەشێکی بەرچاو، سەرباری بەگەڕخستنی ماشێنی پڕوپاگەندەی ژەهراوی نەتەوە پەرستی، لەلایەن هێزو تاقمە قەومی و ئیسلامیە کوردی و عەرەبی و تورکمانەکانەوە، بەشداری ئەو گاڵتەجاڕیە نەکەن! بەشداری نەکردنی نزیکەی ٣٥٪ ی خەڵکی کەرکوک، ئەویش بەپێی ڕاگەیاندنی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن، نیشانەی هوشیاریەکی باڵای سیاسی خەڵکی ئەو شارە و تێپەڕاندنی پڕوپاگەندەی کینەتۆزی و دوژمنکارانەی نەتەوەپەرستی و تائیفیی گروپ و لایەنە سیاسیە میلیشیاییە جۆراوجۆرەکانە!

بەڵام حەقیقەتی ئەوەی کە ئەو ڕێژەیە لە خەڵک لە هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوکدا بەشدارییان کردوە، ئاکام و بەرهەمی ئەو پڕوپاگەندە قێزەونە نەتەوەپەرستی و تائیفیەیە کە لایەن و تاقمە ئیسلامی و ناسیۆنالیستە عەرەبی- کوردی- تورکمانیەکان بەپاڵپشت و هاوکاری دەوڵەتانی ئێران و تورکیا، بەڕێیانخستبوو. هەریەکە لەو هێزو لایەنە نەتەوە پەرست و تائیفیانە، بە بڵاوکردنەوەی رق و کینەی نەتەوەیی و ئاینی و بە چاندنی دوبەرەکی و ترساندنی هاوڵاتیان لەیەکتر، بەوەی ئەگەر ڕێژەی دەنگدانی فلانە "پێکهاتە" زیاتر بێت ئەوا "پێناسەی شارەکە بەرەنگی ئەو پێکهاتەیە دەگۆڕێت"، کارێکیان کرد کە بەشێک لەو خەڵکەی لە کارنامەی سیاسی و دەسەڵاتیان ناڕازی بوون، بکەونە ناو داوی پڕوپاگەندە کۆنەپەرست و فاشیستیەکانیانەوەو دەنگیان پێبدەن. ئەوان وایان لەخەڵک گەیاند کە ئەگەر دەنگ بدەن بەو هێزانە، ئەوا لەڕاستیدا دەنگ دەدەن بە پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبیەکەی خۆیان. بۆنمونە، ناسیۆنالیستە کوردەکان وایان لە خەڵکی کورد زمانی کەرکوک دەگەیان کە دەنگدان بە حزبەناسیۆنالسیتە کوردەکانی وەکو یەکێتی و پارتی و...تاد. واتە "دەنگدان بە کورد و بە کوردستانیبوونی کەرکوک". هەروەکو چۆن لایەن و گروپە عەرەبی و تورکمانەکان وایان لە هاوڵاتیانی عەرەب و تورکمانی شارەکە گەیاندبوو، کە دەنگدان بەوان دەنگدانە بەرێگاگرتن لەوەی کەرکوک وەکو شارێکی کوردی بناسرێ! و ... تاد.

بەوجۆرە ئەوەی وایکرد کە سەرەڕای ئەزمونی هاوڵاتیانی کەرکوک لەگەڵ ئەو حزبە رەنگاو رەنگە ئیسلامی و قەومی و تائیفیانەدا، بەڵام بەشێکی زیاتریان بەشداری هەڵبژاردنی ئەم دواییانەیان کرد، خێروبەرەکەتی کینەتۆزی و جیاکاری قەومی و ترساندنی هاوڵاتیان بوو لەیەکتر لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئاینی، کە نزیکەی دوو دەیەیە، لەسایەی فیدراڵیزمی قەومیدا رەواجی پێدەدرێت و دەمەزەرد دەکرێتەوە! دەنگدان و هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک، دەنگدان و هەڵبژاردنی هاوڵاتیان نەبوو بۆ نوێنەرانی خۆیان، بەڵکو کۆکردنەوەی دەنگ بوو بۆ کۆمەڵێک مافیای چەکدار لەسەر بنەمای ترساندن و بڵاوکردنەوەی رق و کینەو دوژمنایەتی دانیشتوانی شارێک!

★

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**

0047(0)47276028

Email:krtariati.ms@gmail.com

# پاش دە ساڵ، هەڵبژاردنێک بە نەعرەتەی قەومی

## عوسمانی حاجی مارف

ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران جار لەگەڵ جار زۆر کەمتربۆتەوە، گەر بەشداری بۆ ئەنجومەنی نوێنەران کە لەساڵی ٢٠٠٥ ئەنجامدرا ڕێژەی بەشداربوانی بەرێژەی ٨٠% بوبێت!، دەبینین ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١ دا بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی بۆ لە ٣٠% کەمتر، ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دوای دە ساڵ لە خەوتن و فەرامۆشی بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان، کە لە ١٨ی ئەم مانگەدا ئەنجامدرا، بۆخۆیان ڕایانگەیاندوە کە لە ٤٠% بەشداریان کردووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لەکاتێکدا دەزگا بایۆمەتریەکانیان کاری پێنەکرابێت و هێزێکی وەک سەدر بایکۆتی ڕاگەیاندبێت، دۆخی نالەباری ژیانی دانیشتوانی شارەکانی عێراق لە نارەحەتی و نەهامەتی بێت، هەروەها نەبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە بۆ کێبڕکێ لەگەڵ لایەنەکانی دەسەڵات، نەبونی هیوا بۆ گۆڕانکاری، ناکرێ ئەو ڕێژەیە جێگای بڕوا بێت، جگە لە شاری کەرکوک کە لەدۆخێکی تایبەتی هەرای دەمارگیری نەتەوەپەرستیدا ڕەواجی پێدرا.

بەگوێرەی ئاماری کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، زیاتر لە٢٣ ملیۆن هاوولاتی هەن کە ناویان لە لیستی دەنگدەراندایە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە ئەوە ئاشکرابو تەنها ٦٠% یان کارتی بایۆمەتریان وەرگرتووە، واتە زیاتر لە٩ ملیۆن هاوڵاتی هەیە کەلە٤٠% دەکات پێش دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن مافی دەنگدانیان لەدەستداوە، واتە ئەو لە ٤٠%ی بەشداربوان لەسەر حسابی ١٤ملیۆن کراوە نەک ٢٣ ملیۆن.!؟.

جگە لەوەش لایەنە دەسەڵاتدارەکان پارەو وزەیەکی زۆری خۆیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان خەرج کردوە، بەتایبەتی یەکێتی نیشتمانی لە کەرکوکدا.

ئەوەی کە بەدوای ئەم هەڵبژاردنەشدا ڕون و ئاشکرایە، داهاتوەکەی ڕۆڵێکی نابێت لە کۆتاییهێنان بەو دۆخە ناسەقامگیریە سیاسیەی کە عێراق پێیدا تێدەپەڕێت، چونکە هێشتا بەدەست گەندەڵیەکی بەربڵاوو ململانێی دینی و تائفی و نەتەوەییەوە دەناڵێنێت، کە بوەتە هۆی وێرانکردنی ژیانی خەڵک و وەرینی فەرمیەتی ڕژێمێکی سەراسەری کەلە سایەی دەسەڵاتی میلیشیادایە. جگە لەوەش زۆرینەی دانیشتوانی عێراق هیچ قەناعەتێکیان بەو ڕژێمانە نییە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ دامەزراون.

پێگەی فەرمی ناوچە جێناکۆکەکان– لەوانەش کەرکوک، تەلعەفەر، حەمدانییە، شەنگال، زەممار، مەخموورو خانەقین ململانێیەکی گەرمی لەسەرە، کەرکوک و بەشێک لە سێ پارێزگاری دیکەی باکورکە بە "ناوچەی جێناکۆک" دادەنرێت، دۆخی کۆتایی ئەم ناوچانە کە هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێم بە بەشێک لەناوچەی خۆیانی دەزانن، بۆیە پرسی ئیدارەدانی هەڵبژاردنی ناوچە جێناکۆکەکان بۆتە چەقی ململانێی سیاسی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە بەشێوازێکی غەیرە فەرمی دەیبەستنەوە بە شەرعیەتی هەڵبژاردنەوە، بەڵام گەرەنتی نیە ئەم شەرعیەتە پارێزراو بێت و بچێتە سەر، لەحاڵەتی ململانێی توند و نەخوازراودا هیچ حسابێک بۆ هەڵبژاردن ناکرێت.

هەڵبژاردن لەم ناوچانە هەمیشە دەرفەتێک بووە بۆ لایەنە سیاسیەکان و هاوپەیمانێتیەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی گوتاری تایفەگەری و دەمارگیری نەتەوەیی، واتە ڕەنگدانەوەی بانگەوازو نەعرەتەی قەومی و تائیفی بە ئامانجی گەیاندنی دەنگدەر بۆ سندوقەکانی دەنگدان، لە پرۆسەی هەڵبژاردندا زۆربەی لایەنەکان و کاندیدەکانیان ئاماژە بە بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و گەشەسەندوو ئەدەن! لەواقیعدا زۆرینەی دەنگدەران لەسەر بنەمای ئاراستەی نەتەوەییان تائیفی دەنگ بە کاندیدو لیستەکان دەدەن، نەک لەسەر بنەمای بڕوانامەیان بەرنامەی سیاسی و هاوولاتیبون، گوتارەکانی باڵی تاڵەبانی زۆر بە حەماسەوە لەوەدا بەرجەستەی کردەوە کە کەرکوک قودسی کوردستانە و شاری کوردانە!، کە لەوبارەیەوە کاریگەری خۆی دانا لەسەر هەست و مەزاجی لایەنگران و دەنگدەرانی یەکێتی.

دانیشتوانی ناوچە جێناکۆکەکان بەدەست کێشەیەکی لایەنە سیاسیەکانەوە دەناڵێنن، چونکە نوێنەرەکان لەسەر بنەمای جەختکردنەوەو خۆناسینیان لەسەر پابەندبونیان بە نەتەوەکەی یا تائفەکەی، بۆیە دەبنە بەلاو سەرچاوەی دژی پێکەوە ژیان، هەر بەرپرسێک پێش هەموو شتێک بە خەمی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەوەیە بۆ دەنگدەرانی سەر بە نەتەوەکەی و تائفەکەی خۆی، ئەمەش بووەتە هۆی تێکچوونی دۆخی ئەمنی وبەربەستێکی سەرەکیە لەبەردەم دەستەبەرکردنی سەلامەتی هاوڵاتیانی مەدەنیدا.

جۆری ئەم هەڵبژاردنە بۆخۆی بەڵێنی ئەوە دەدەن کە پرۆسەیەکی قورس و گرژو دەرئەنجامێکی ناشایستە دەبەخشنە دانیشتوانی ئەو ناوچانە، لەهەمانکاتدا ئەنجومەنی پارێزگاکان دوای تەواوبوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تەحەدای نوێ دەبنەوە. لێرەوە مامەڵە نەکردن لەگەڵ هاوڵاتی

لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون و کارکردن لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەو تائیفی کێشەی زۆر لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ناوچە جێناکۆکەکان دروست دەکات.

واتە ڕەگی کێشەکانی ناوچە جێناکۆکەکان بەتایبەتی لە کەرکوک، کێشە نائەمنیەکەی ئاکامی کێشەیەکی سیاسیە، لە ڕەواجدان و چاندنی دوبەرەکی نەتەوەیی و تائفی، کە بانگەوازەکانی یەکێتی نیشتمانی بەدوای شکستی بزوتنەوەی کوردایەتی لە ١٦ی ئۆکتۆبەر ٢٠١٧، لەم هەڵبژاردنەدا بە ئاراستەی دوبارە دەمەزەردکردنەوی هەڵگیرسانی شەڕی قەومیە، بەڵام زیاتر پێدەچێت سیناریۆیەکی دروستکراوی ڕێگە پێدراوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن.

یەکێک لە مەترسیە دیارەکان کە پەیوەندی بە قۆناغی دوای هەڵبژاردنەوە هەیە، ئەگەر پێکهاتە ناوخۆیەکان نەتوانن لە ماوەیەکی کورتدا بگەنە ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی پارێزگارو پۆستەکانی تر، ئەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی بارگرژی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیش دەخاتە مەترسیەوە. جگە لە مەترسیەکانی دەستێوەردانی دەرەکی لە ناوچە جێناکۆکەکان، بەتایبەتی دەستوەردانی تورکیا و ئێرانە لە کەرکوکدا.

جگە لەوەش هیچ ئەجێندایەکی هاوبەش لەناو ئەم هەریمانەدا نیە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو بودجەیەی بۆ بەڕێوەبردنەکەیان تەرخانکراوە، ئاشکرایە گەندەڵیەکی سیستماتیکی ئیداریی لەماوەی ئەو دەساڵەدا تەواو سایەی کردوە، کە بەسەدان هەڵبژاردن پاک نابێتەوە.

گەر لەم هەڵبژاردنەدا کەمێک لەسەر کەرکوک ڕابوەستین، بەتایبەتی لە چۆنیەتی دەوری یەکێتی نیشتمانی و ململانێی لە گەڵ لایەنەکانی تر و چونیەتی بانگەشەی دەمارگیری نەتەوەیی بۆ هەڵبژاردن، ڕاستە ئاکامەکەی دەستکەوت و سەرکەوتنێکی بۆ یەکێتی نیشتمانی نیشاندایین، بەڵام ئەم دەستکەوت و سەرکەوتنە، لەم دۆخە نالەبارەی عێراق و دۆخی ئێستای کەرکوکدا، جێگای تێرامان و پرسیارە؟.لەلایەکی تریشەوە ئەتوانین بڵێین جۆرێک دەرگایەکی بۆ یەکێتی کردەوە کە بەشێوەیەکی کاتیش بێت خۆی لە بنەبەست و پاشەکشەیەکی گەورە پاراست، لەم هەڵبژاردنەدا یەکێتی نیشتمانی توانی بە گەمەو و قومارێکی گەورەو خەرجێکی زۆرەوە لە مەیدانەکەدا بە ڕاوەستاوی خۆی ڕاگرێت، ئەوەی لەم نێوەدا پێویستە قسەی لەسەر بکرێت، ئەم شانسە چی بو جارێکی تر دۆخەکە فرسەتێکی تری داپەوە بە یەکێتی لەو قەیرانەدا گەر بۆ ماوەیەکیش بێت سەربێنێتە دەرەوە و لەبەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستاندا نیشانەیەکی پێشرەوی بەقازانجی حزبەکەی بپێکێت.

ئەم یاریەی یەکێتی لە مەیدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا، ئاشکرایە یەکلایەنەو بێ پشتیوانی و بێ ڕێکەوتنی تایبەت نەبوە.

گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئاراستەیەی دەسەڵاتی لایەنی شیعەی سەر بەئێران لە باڵادەستیان بە سەر حکومەتی عێراقدا، لەهەمانکاتدا هەوڵی ناوەندبونەوەی عێراق بە باڵادەستی چوارچێوەی هەماهەنگی، هەروەها لەلایەکی ترەوە لایەنگری یەکێتی نیشتمانی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران و لایەنگری یان بێدەنگی لە بەرامبەر نەخشەو سیاسەتەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیدا، بەشێک بو لەو قەیرانەی کە یەکێتی بە ململانێی لەبەرامبەر پارتی و تورکیادا تێوەگلابو، یان لەبەرامبەر بنبەستیەکدا دەستەوستان لە چاوەڕوانیدا بو.

ئەم هەڵبژاردنەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کەرکوک ئەو هەلە ئاڵتونیە بو، کە یەکێتی بتوانی بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران و چوارچێوەی هەماهەنگیدا بگاتە ئەو ئەنجامەی جادەی بۆ چۆڵ کەن و گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکەن، گەر هەر جۆرە بانگەشەیەکی بریقەداربکات لەسەر کەرکوک لەم "هەڵبژاردنە"دا ناچێتە بابی لێپرسینەوە، چونکە هەم ئێران و هەم چوارچێوەی هەماهەنگی وەک حکومەتی ئەردۆغان حەساسن بەرامبەر بەوەی کەرکوک قودسی کوردستان بێت، بۆیە لەم هەڵبژاردنە جگە لە چاوپۆشی لە دروشمەکانی باڤل، چاوپۆشی لە سەرپێچی و ساختەکاریەکانیش کرا، تا یەکێتی بە ئەنجامێکی وەها بێتە دەرەوە وەک پاداشتێک قەرەبوی تەواوی خزمەت و هاوکاریەکانی چەند ساڵەی بۆ کۆماری ئیسلامی و حکومەتی عێراق بۆ بکەنەوە، بە مانایەک ئەم هەنگاوە لە ناوەڕۆکی خۆیدا سیاسەتێکە لە بەرژەوەندی ئێران و حکومەتی عیراقە، لەلایەکی تریشەوە بەم شێوەیە گورزێکی تر بدەن لە پێگەی پارتی و پاشەکشەیەک لەسەر تورکیاش تۆمارکەن.

بەو پێوانەیەی لەم هەڵبژاردنەدا یەکێتی سەرکەوتنێکی بەدەست هێناوە، ناتوانێ سەنگی مەحەک بێت بۆ دەسکەوتی تر، لەسەر بنەمای دۆخێک کە ناوچەکەو عێراقی پێداتێپەڕ دەبێت، یەکێتی ناتوانێ ئێستگەی تر بۆ گەڕانەوەی پێگەی نفوزی خۆی لێ بەدەست بێنێت، لەنێو ڕەوتی ئەو ئاڵوگۆڕو ململانێ سیاسیانەی لە ناوچەکەدایە، لەبەرامبەر ئەو قەیرانەش کە بەگشتی بزوتنەوەی کوردایەتی هاوشانی ئەو پێشهات و ئاڵوگۆڕانەی لە ئایندەی ناوچەکەدا دەرگیر بووە، ئەم هەنگاوەی یەکێتی لە کەرکوکدا ناتوانێ لەو قەیرانە گشتیەی بزوتنەوەی کوردایەتی دەربازیان کات.

ئەگەری ئەوە هەیە لە بەردەوامی ئەم پاداشتەدا، یەکێتی تا بەدەستهێنانی پارێزگای کەرکوکیش بەدیاری وەرگرێت، بەڵام کەرکوک وەک ئەو شارە دەمێنیتەوە کە هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عێراق بەڕێوەی دەبەن، ئەو پارێزگارەش دەبێت لە خزمەت سیاسەتەکانی ئێران و چوارچێوەی هەماهەنگیدا موچەکەی وەرگرێت، ئەمەش لە ئاکامدا قەیرانەکانی یەکێتی لە کەرکوکیشدا دەخاتەوە ناو قاوغەکەی خۆی.

# پەیامێک بۆ هاوڵاتیانی کەرکوک!

## گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن کۆتایی هات، کاتی وەلانانی دەسەڵات و دامەزراندنی دەسەڵاتی لەخوارەوەی جەماوەرییە!

کرێکاران، زەحمەتکێشان، خەڵکی ستەمدیدەی کەرکوک:

دوای کەمپەینێکی فراوان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و بەدەستەوەگرتنی هەموو ناسنامە قەومی و تایفییەکان، بۆ سەندنەوەی ناسنامەی هاوڵاتیبوون لە ئێوە، و دوای بەخشینەوەی دەیان بەڵێن و وادە و فریوکاری، سەرئەنجام هەڵبژاردن کۆتایی هات. هەڵبژاردن لە کەشی باڵادەستیی حیزبە دەسەڵاتدارەکان و بە دەستێوردارنی دەرەکی و بە پشت بەستن بە دزینی داهات و قوتی ئێوە هاوڵاتیان، بەڕێوەچوو.

پەیامی لایەنەکانی هەڵبژاردن نەعرەتەی قەومی و تایفی و درۆ و فریوکارییەکی ئاشکرا بوو، ئەو لایەنانەی کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە دەسەڵاتیان بەسەر ئێوەدا داسەپاندووە. چ کارنامەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد کە لە ساڵی ٢٠٠٥ وە تا ساڵی ٢٠١٧ درێژەی کێشا، چ دەسەڵاتی ناسیۆنال ئیسلامی شیعی، کە لە ساڵی ٢٠١٧ وە تا ئێستا دەسەڵاتی کەرکوکیان بەدەستەوەیە، جگە لە جیاکاری و دنەدانی قەومی و ڕشتنی تۆوی دووبەرەکایەتی و سەرکوت و تاڵانی و دزی و سەرانە سەندن و بێمافی و نەبوونی خزمەتگوازری و نائارامی و سەندنەوەی مافی پێکەوەژیانی ئاسایی و ئارامی ئێوە، زیاتر شتێکی تر نەبووە. هەموو ئەو لایەنە سیاسیە بۆرژوازیانەی لە هەڵبژاردندا بەشداریان کرد و "شەیپوری دیموکراسییان" لێدا، ئەگەر ململانێی و جەنگێک لە نێوانیادا هەبێت، لەسەر دەست بەسەرداگرتنی کێڵگە نەوتییەکان و تاڵانی و دزییەکی ئاشکرایە، لەکاتێکدا ئێوە هاوڵاتیانی کەرکوک بە کورد و عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشوریەوە، لە سەرەتاییترین خزمەتگوازری و لە کەشێکی ئارام و لە سادەترین ماف و ئازادییەکانتان بێبەش کراون و لەناو شارێکدا کە دەریای نەوت و سامانە، برسی و بێکار و نەدار کراون و سیمای شاریشیان هێندە شێواندووە کە کەرکوکیان گۆڕیوە بە وێرانە.

چ ناسیۆنالیزمی عەرەبی شیعی و ئیسلامی و چ ناسیونالیزمی کورد و تورکمان بە بەدەستەوە گرتنی دروشمی" کەرکوک شارێکی عەرەبییە، کەرکوک قودس و دڵی کوردستانە، کەرکوک تورکمانییە" دەیانەوێت ناسنامەی ئینسانی و هاوڵاتیبوون، لە ئێوە دابماڵن و ئەو بەیەکەوە ژیان و کارکردن و ئارامی و تیکەڵاوییە مێژوویی و ئینسانی و بێکیشەیە، درزتێبخەن و دنەی قەومی و تایفی بدەن. ئەوەی ڕژێمی بەعسی لەگۆڕنراو بە سەرکوتی خوێناوی و بە سیاسەتی "بەعەرەبکردن، بەبەعسی کردن و ڕاگواستن" نەیتوانی ڕیزەکانی پێکەوەژیانی ئێوە بڕوخێنێ و دوژمنایەتی بخاتە نێوانتانەوە، ئێستا میراتگرانی بەعس و نۆکەرپیشەکانی ئێران و موچەخۆرەکانی ئەردۆغان، دەیانەوێت لەسایەی درۆی "هەڵبژاردن و دیموکراسی"دا، بە بەدەستەوە گرتنی ناسنامە قەومی و تایفیەکان ئەنجامی بدەن.

هاوڵاتیانی کەرکوک و جەماوەری بێبەش!

ئێوە لەم هەڵبژرادنەدا بینیتان چۆن هێزە سیاسی و کاندیدەکانیان لە دەرگای ماڵ بە ماڵی ئێوەیان دەدا و پێیان دەووتن دەست بخەنە سەر برینەکانتان، چاوتان دابخەن، دەنگمان پێبدەن. ئەوە بۆ ئەوە نەبوو خزمەتگوزاری و ماف و ئازادییەکان و ئارامی و ئاسایش و بوژانەوە و بەیەکەوە ژیانی ئێوە زامن بکەن، بەڵکو بۆ ئەوە بوو هەژموونی ناسنامە قەومی و تایفیەکان بەسەر ئێوەدا زاڵ بکەن و لەو ڕێگایەشەوە درز بخەنە ڕیزی هاوچارەنووسیتانەوە لەگەڵ یەکتری. کەچی سەرباری ئەو مەکینە ڕاگەیاندنە گەورەیەی حیزبەکان و بانگەشەکانیان، لەگەڵ ئەوەدا بەهۆی بەبارمتەگرتنی قوتی هاوڵاتیان و بەستنەوەی لەشکرێک لە هێزی ئەمنی و سەربازی و کرێگرتە بە ڕیزەکانی خۆیان و بزواندنی هەست و سۆزەوە توانییان بەشێک لە خەڵکی کەرکوک بۆ بەشداری لە هەڵبژرادن ببەن، بەڵام هێشتا نیوەی زیاتری ئێوە هاوڵاتیانی ژێر ستەمی دەسەڵاتی بۆرژوازی عەرەب و کورد، بێگوێدانە ناسنامەکان، بەشداری هەڵبژاردنەکانتان نەکرد و بە بایکۆت وەکو بەردەوامیی ناڕەزایەتی بەدژی دەسەڵاتی تاڵانچیانی حیزب و لایەنەکان، وەڵامی ئەم سیناریۆی هەڵبژاردنەتان دایەوە. ئەمەش نیشانەی هوشیاری و ڕاوەستاوی ئێوەیە بەدژی دەسەڵاتی جیاخواز و تاڵانچیانەی باڵەکانی بۆرژوازی.

هەڵبژاردن تەواو بوو، بەڵام هیشتا تەپ و تۆز و لێکەوتەکانی بانگەشەی قەومی و تایفی لێکترازان و دنەدان، سایەی خۆی ماوە و لێرە و لەوێ سوکایەتی و

⇦

هێرش دەبینرێت، بەڵام ئەوە دوور و نزیک پەیوەندی بە هاوڵاتیانی کەرکوکەوە نییە، بەڵکو کاری بەنەخشە و پلان بۆ دارێژراوی هێز و لایەنە قەومی و تایفیەکانە. هەوڵێکی شکستخواردووە بەئاقاری درز خستنە ناو هاوڵاتیانی کەرکوکەوە، وەکو بەشێک لە کارنامەی نەنگینی ئەزمونکراویان، کە دەبێ ئەو حاڵەتانەش پوچەڵ بکرێنەوە.

بانگەشەی ناسیونالیستە عەرەبەکان و ناسیونالیزمی کورد لە بەرگری لە مافی تورکمانەکان، بۆ بەرگری لەماف و ویستی خەڵکی تورکمان نییە، بەڵکو بۆ کەڵکوەرگرتنە بۆ دەستڕاگەیشتن بە پۆست و ئیمتیازاتی زیاتر و زیادکردنی هێزهاوسەنگی.

جەماوەری تێکۆشەری کەرکوک!

بەجیا لە ململانێی نێوان لایەنەکانی دوای هەڵبژاردن لەسەر پۆست و ئیمتیاز و دەسەڵاتەکان، بەتایبەتیش لەسەر دزی و تالانی و هەژموونی بەسەر کێڵگە نەوتیەکاندا، کە بێدوکەڵ و لێکەوتەی زیانبار بۆ سەر ئێوە و ژیان و گوزەرانتان تێناپەڕێت، هاوکات هەڵبژاردنێکی تر بۆ پەرلەمان" ئەنجومەنی نیشتیمانی" نەخشە و پلانی لایەنە سیاسییەکان لەدەوری یەکتری کۆببنەوە و لەلایەکی تریشەوە بۆ بەشکستکێشانی هەڵبژاردنی داهاتوو ئامادەتر بن. بۆئەوەش پێویست دەکات نارەزایەتی ئێوە بە دەسەڵات و سیناریۆکانیان بە هەڵبژاردنەکانیشەوە واوەتر لە بایکۆت بڕوات و زۆتر و فراوانتر و هاوکات ڕێکخراو بێت. کاتی ئەوە هاتووە چۆن حیزب و لایەنە سیاسیەکان دوای هەڵبژاردنەکان لەسەر پۆست و ئیمتیاز و دەسەڵاتەکان ڕێکدەکەون و دەیانەوێت ئەزموونی دەسەڵاتی شکستخواردویان بەسەر ئێوەدا درێژە پێبدەن، ئێوەش لەئێستاوە بە کۆبوونەوە لە دەوری یەکتری و بە دەستبردن بۆ ڕێکخراوبوون هەم بەدژی دەسەڵاتی داسەپاوی لایەنە سیاسیەکان و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتداریتییان و هەم بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆتان دەست بەکاربن. لە کارگە و کارخانەکان، لە ناوەندە خزمەتگوزارییەکان و لە گەڕەکەکان و لە ئاستی گشتی شاردا، پێویستە کەسانی دڵسۆز و جێگا متمانە و سەرڕاست، بێگوێدانە ناسنامە قەومی و تایفیەکان، لەدەوری یەکتری کۆببنەوە و نەخشەی ڕووبەڕووبونەوە و خستنەگەڕی ئیرادە و توانایی سەرچاوەگرتوو لە متمانەی جەماوەری، بکەنە بنەمای کارتان. ئەگەر شاری کەرکوک شاری کەرکوکیەکان و هاوڵاتیانی ئەو شارەیە، پێویستە لەلایەن خودی ئێوەوە بەچاوێکی کراوەتر و بەدەست خستنە ناو دەستی یەکتری و لەپێناو بە شکستکیشانی بەڕێوەببرێت. پێویستە داهات و سامانی شارەکەش بۆ خزمەتگوزاری و نەهێشتنی جیاکاری و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی وێرانکاریی بەعس و حیزبە و لایەنە سیاسیەکانی دوای بەعس، تەرخان بکرێت و مافە فەردی و مەدەنی و ئازادییەکان و باشبژێوی، جێگەی دۆخی نەخوازراوی ئێستا لە دنەدانی قەومی و تایفی، لە نەبوون و وێرانبوونی خزمەتگوازرییەکان، لە دزی وتالانی، لە بێمافی و سەرکوت و نەبوونی ماف و ئازادییەکان... تاد، بگرێتەوە. بەسەمەرگەیشتنی ئەو ویستانەش لە گرەوی بیناکردن و دامەزراندنی شێوازێکی تری دەسەڵات و بەڕێوەبردنە کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و لەخوارەوە لەناو جەماوەرەوە مەیسەر دەبێت، بە بەڕێوەبردن و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ئاستی گەڕەک و کارگە و ناوەندەکان، تا ئاستی شار و بەڕێوەبردنی لە ڕێگای هەڵبژرادنی ئازادانە و ڕاستەوخۆی نوێنەرانی واقیعییەوە بەدیدێت.

ئێمە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ئالاهەڵگر و لەڕیزی پێشەوەی ئەو هەوڵ و خەبات و تیکۆشانەدا ڕادەوەستین.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٤/١٢/٢٠٢٣**

**شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەڕێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ڕیزێکی ڕێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هانگاوێکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لە کوردستاندا، دابڕان و سنووربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەیە لە کوردستاندا. هەروەها شۆڕشی کرێکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەپێی بارودۆخ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، لە پرۆسێسێکی جیاواز و لەهەناوی وەڵامدانەوە بەو گیروگرفتانەدا دەڕواتە پێشەوە.**

**لە بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە"**

**پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

## بەیاننامەی ژمارە ٤ ی سێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەناوچەکە:

# بەشەریەتی موتەمەدن، چەند هەنگاوێک بۆپێشەوە تەریک کەوتنەوەی ئەمریکا و ئیسرائیل

سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەژێر گوشاری هەمەلایەنەی سەدان ملیۆن ئینسانی نارازی بەرامبەر بەکردەوە وەحشیگەریەکانی ئیسرائیل وپشتیوانانی لەرۆژئاوا لە دژی خەڵکی فەڵەستین، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بەو کوشتارە کە لەغەززە بەرێکەوتوە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی راگەیاند. رۆژی هەینی ٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشدا، بریارنامەی "ئاگربەستی بەشەردۆستانە" بەهۆی دەنگی نەیاریی ئەمریکا و بەکارهێنانی ڤیتۆوە رەتکرایەوە. حکومەتی بەریتانیا، هاوپەیمانێکی هەمیشەیی ئەمریکا، لەژێر گوشاری توندی بزووتنەوەی پشتیوانی لە خەڵکی فەڵەستیندا لە بەریتانیا، ناچار بوو دەنگی مومتەنیع بە بریارنامەکە بدات.

پشتیوانیکردنی بایدن لەدرێژەدان بە تاوانکاری و خوێنرێژیی حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل لە فەڵەستین، لەراستیدا نیشاندەری ناکامی وشکستی میلیتاریزمی ئەمریکاو شکست و بنبەستی ستراتیژی حکومەتی ئیسرائیلە لە "سەرکەوتن"یدا لەم ململانێیەدا، سەرەرای کوشتنی دەیان هەزار کەس و کاولکردنی کەرتی غەززە. دژایەتیکردنی حکومەتی ئەمریکا بۆ ئاگربەست و هەر وەستانێک لە تاوانکاریدا، هەوڵێکە بە مەبەستی "کات کرین" لەپێناو دەرکێشانی کۆمەڵێک فاشیستی تاوانبار لە تەلئەبیب لەو بنبەستەی تێیکەوتوون بە نیشاندانی روخساری قێزەونی ئەوان وەک "براوەی" ئەم خوێنرێژییە!

پاساوەکانی نوێنەری ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایش و ڤیتۆکردنی "ئاگربەست"ێکی کورتماوە بۆراگرتنی کوشتن و جینۆسایدی خەڵکی فەڵەستین، دەستبەجێ لەلایەن ملیارەها ئینسانەوە، لە نیویۆرک، واشنتۆن، لەندەن، پاریس، بەرلینەوە تا□ قاهیرە، بەغدا، بەیروت، عەدەن، لە تۆکیۆ و سیدنیەوە تا ئەستەنبول و ئەسینا و□، بە پێداگری حکومەتی ئەمریکا و ئیسرائیل لەسەر بەردەوامیدان بەجینۆسایدی خەڵکی فەڵەستین لێکدرایەوە. رۆژی شەممە، جارێکی دیکە جیهان هەژایەوە بەهۆی هاتنەمەیدانی خەڵکی مرۆڤدۆست لەپێناو بەرگریکردن لە خەڵکی فەڵەستین و لە دژی مەکینەی کوشتاری بەکۆمەڵ و فاشیزمی هەوسارپچراوی ئیسرائیل و لایەنگرانی لە رۆژئاوا.

دەوڵەتانی ئەوروپایی کە پشتیوانی جینۆسایدی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل بوون لە کەرتی غەززە، لەژێر فشاری نارەزایەتی جەماوەری و قەیران و دووبەرەکی کە لەنێو دەسەڵاتدارانی خۆیان و حیزبەکان و پەرلەمان و □ هەیانە، لەترسی ئەوەی کە ئەو بزووتنەوە جەماوەریەی کەپشتیوانی لەخەڵکی فەڵەستین دەکات نەگوردرێ بۆ بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی لەدژی دەوڵەتانی خۆیان و نەبێتە قەیرانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناوخۆی خۆیاندا، ناچاربوون یەک لە دوای یەک، بەرواڵەت خۆیان لەم تاوانە و ئەنجامدەرانی بەدوور بگرن. دەوڵەتانێک هاوکات لەگەڵ ناردنی چەک و کەرەستەی سەربازی بۆ ئیسرائیل، لە کاردانەوەی "ناهاوسەنگی" دەوڵەتی ئیسرائیل گلەیی و گازندە دەکەن و بەمەش ئەو بەرگرییە هەمەلایەنە و بێ دوو دڵییەیان لە کۆمەڵکوژیەکانی ئیسرائیل تارادەیەک کەمرەنگ کردوەتەوە. میدیای فەرمی و راسترەوی رۆژئاوا کە نەیانتوانی دیمەنە ناخهەژێنەکانی جەستەی لەتوکوتکراوی ژن و پیاو و منداڵان لەژێر وێرانەی قوتابخانە و نەخۆشخانە و "پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان" سانسۆر بکەن و نەیانتوانی مێشکی هاوڵاتییانی خۆیان بشۆرنەوە، ناچاربوون لەپێش چاوی کامێراکان کەمێک باسی تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل بکەن.

دژایەتی حکومەتەکەی بایدن سەبارەت بە سنووردارکردنێکی کاتی لە بەرامبەر تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل دژ بە خەڵکی فەڵەستین، بەبیانووی بەرەنگاربوونەوەی حەماس، وایکردووە ئەمریکا و بایدن تەنانەت لەنێو هاوپەیمانە هەمیشەییەکانیان و لە "کۆمەڵگەی جیهانی"دا تەریک بکەوێتەوە و پێگەی خودی ئەمریکاش نەک هەر لە ناوچەکەدا، بەڵکو لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشدا لاواز بێت. ئەم تەریک کەوتنەوە و لاوازبوونە زۆر بەرچاو و رۆشنە.. بانگهێشتی دوبارەی کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دەرکردنی بریارنامەیەک سەبارەت بە "ئاگربەست"، هەروەها هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ئەم بریارنامەیە و چەندین پێشنیاری تر لەلایەن وڵاتانی رۆژئاواوە بۆ گۆرانکاری لە پێکهاتەی ئەنجومەنی ئاسایش و سنووردارکردنی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆی دەوڵەتان تێیدا، سەربەخۆ لەوەی کە جێبەجێ دەبێت یان نا، ئاماژەیەکە بۆ پێگەی لاوازی ئەمریکا لەو دامەزراوانەدا کە ئەرکیان تائێستا

دانی شەرعیەتی یاسایی و جیهانی بە دەسەڵات و هەژموونی ئەمریکا.

تەریک کەوتنەوە، شکست، داشکان و دارمانی فاشیزمی ئیسرائیلی، بەدوای خۆیدا تەریک کەوتنەوە و بێبایەخی ڕۆڵی ئەمریکا وەک دەسەڵاتێکی هەژموونیخواز و هێزی یەکەمی جیهانی، لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئەم تەریک کەوتنەوە و شکستە، لە ئەنجامی پرتەوبوڵەی حکومەتە عەرەبییەکان و هاتوهاواری ئەردۆغان و خامنەیی و ئەوانیتر نییە، تەنانەت لە ئەنجامی "مەترسی" چین و رووسیا و یارییە دیپلۆماسییەکانیان بۆ لاوازکردنی ڕکابەرەکەیان نییە. بەڵکو فاشیزمی ئیسرائیل بەهۆی دژایەتی خەڵکی مرۆڤدۆست و ئازادیخوازی جیهانەوە، خەڵکانێک کە بۆ خواستی کۆتاییهێنان بەم کۆمەڵکوژیە و کۆتاییهێنان بە پشتیوانی حکومەتەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئیسرائیل و دانپێدانان بەدەوڵەتی سەربەخۆی فەڵەستین، وەک بزووتنەوەیەکی جیهانی و جەماوەری بۆ پشتیوانی لە خەڵکی فەڵەستین بەڕێکەوتووە، مۆری بێبایەخی لە شەرعیەتی "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی" و "جیهانی ئازاد" داوە و ئەوانی توشی شکست وگۆشەگیری کردووە. ئەم تەریک کەوتنەوەیە ئەنجامی نارەزایەتی و مانگرتنی چینی کرێکارە لەدژی تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل. لەغیابی ئەم بزووتنەوەیەدا، لایەنگرانی فاشیزمی ئیسرائیل لە ڕۆژئاوا بێشەرمانە وەک هەمیشە تەپڵی تاوان و کوشتن و پاکتاوکردنی خەڵکی فەڵەستین و لەناوبردنی تەواویان لێدەدا. تەریککەوتنەوەی ئەمریکا ئەنجامی پێشڕەویەکانی ئەم بزووتنەوە جیهانییەیە کە بەرگری لە خەڵکی فەڵەستین دەکا و بۆ ژیانێکی ئازاد و ئینسانی تێدەکۆشێت.

ئەم بزووتنەوەیە تاکە هێزێکە کە دەتوانێت کۆتایی بەم درندەیی و بەربەریەتە بهێنێت. بزووتنەوەیەک کە تا ئەمڕۆ بە هێز و توانای خۆی یاری و حیساباتی دیپلۆماسی و "ڕێککەوتنەکان" و "پەیماننامە" جیهانییەکانی هەڵوەشاندۆتەوە و"سیستەمی جیهانی" تێکداوە و ئازادی خەڵکی فەڵەستینی کردۆتە مەسەلەیەکی مومکین.

ئەم بزووتنەوەیە دەتوانێت بەیەکجاری مەکینەی کوشتاری ئیسرائیل لەکاربخات، دەتوانێت بەتەواوی حکومەتی ڕەگەزپەرستی دەسەڵاتداری ئیسرائیل بایکۆت بکات، دەتوانێت بەربەستێکی بەهێز لەدژی پشتیوانی حکومەتە بۆرژوازییەکان و بەرهەمهێنەرانی چەک و هەناردەکارانی کەرەستەی کوشتنی بەکۆمەڵ بۆ ئیسرائیل دروست بکات. چینی کریکار هەرلەم ماوەیدا لە یۆنان و تورکیا و ئیتالیا تا ئیسپانیا و ئەمریکا و ئینگلتەرا و زۆر جێگای تر چەند هەنگاوێکی بەرەو ئەم ئاراستەیە ناوە. داخستنی بەندەرەکان، ڕەتکردنەوەی بارکردنی چەک و چەکی سەربازی بۆ ئیسرائیل، نارەزایەتی دەربرین لەبەردەم کارگەکانی چەکدا، ئەمانە بەشێکن لە هاتنەمەیدانی چینی کریکار بۆ بەرگریکردن لەخەڵکی فەڵەستین. بەردەوامی هەمەلایەنە و بەرفراوانی ئەم نارەزایەتیانە لەلایەن چینی کرێکارەوە لە سەرتاسەری جیهاندا، نەک هەر حکومەتی ڕەگەزپەرست و فاشیستی ئیسرائیل، بەڵکو ئەمریکا و هەموو ئەو وڵاتانەی پشتیوانی ئیسرائیل دەکەن، پاشەکشە پێدەکات.

شکست و تەریککەوتنەوەی ئیسرائیل و بنبەستی ئەمریکا و میلیتاریزمی ڕۆژئاوا، بەهەوڵی چینی کرێکارو بەشەریەتی موتەمەدین و خەڵکی ئینساندۆست و ئاشتیخواز، دەبێتە دەسپێکی ململانێیەکی گەورە و جیهانی لەدژی درندەیی و هەژاری و بێمافی لە هەموو جیهاندا. کۆتاییهێنان بەم کۆمەڵکوژی و کارەساتە مرۆییە لە کەرتی غەززە سەرەتای بزووتنەوەیەکی جیهانییە بۆ دادپەروەری بۆدەیان هەزار کوژراو و سەدان هەزار بریندراری کەرتی غەززە، لە دژی بەرێوبەرانی ئەم تاوانکاریە، لە "نەتانیاهو و گالانت و بنگوێر"ی فاشیستەوە بگرە تا لایەنگرەکانیان وەک "بایدن" و "ماکرۆن" و "سۆناک" و "شولتز" و□ بۆ دادگاییکردنی یەک بە یەکیان بەهۆی تاوانەکانیان لەدژی مرۆڤایەتی. سەرکەوتنی خەڵکی ئینساندۆست لە کۆتاییهێنان بەم بازنەی کوشتن و تاوانکاریە و چارەسەری کێشەی فەڵەستین گرێی خواردووە بە خەبات لەدژی میلیتاریزمی زاڵ بەسەر جیهاندا، بەخەبات بۆ ئازادی و دادپەروەری و ژیانێکی سەلامەت و دوور لە شەڕ و تاوان.

ئەمڕۆ ململانێ لەپێناو ئازادی و ئاسایش و ژیانێکی ئینسانی بۆ خەڵکی فەڵەستین دەروازەیەکە بۆبردنی کۆمەڵگەی بەشەریەت بەرەو خەباتێکی گەورەتر و جیهانی، لەپێناو ئازادی و ئاسایشی خەڵک و ئاڵوگۆرێکی بنەرەتی لەپەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا، لەسەراسەری جیهاندا، بەتایبەتی لە ڕۆژئاوادا. ئەم ئاڵوگۆرە پێویستی بە دەورونەخشی جیهانیی چینی کرێکارە لە رابەریکردنی ئەم بزووتنەوەیەدا.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)**
**١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣-٢٣**

**ناچارکردنی ئیسرائیل بەراگرتنی جەنگ و ملدان بەئاشتی و قبولکردنی دەوڵەتی فەلەستین لە پاڵ ڕاگرتنی سیاسەتی نیشتەجێکردنی جولەکە لەشوێنی فەلەستینیەکان و قبولکردنی مافی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ فەلەستین، سەرەتای ئەو هەنگاوەیە کە کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین بەرەو چارەسەر دەبات و زەمینەی سەرهەڵدان و گەشانەوە و مانەوەی رەوتە ڕاسترەوو تیرۆریستەکانیش لە هەردوو بەرەی کێشەکە لەنێودەبات!**

# ڕیسوایی و بنبەستی ئەمریکا و ئیسرائیل

عوسمانی حاجی مارف

غەززە تەواوی ململانێی چەند ساڵەی فەلەستین و ئیسرائیلی لەخۆگرت، تیشکی خستەسەر ئەو دژایەتیە بنەڕەتیەی دەوڵەتی ئیسرائیل کە لە بەرامبەر خەڵکی فەلەستیندا هەیەتی. پاکتاوکردنی دانیشتوانی غەززە بووە زیاترکردنەوەو نیشاندانی درندەیی و فاشیزمی ئیسرائیل لە بەرامبەر خەڵکی فەلەستیندا. لەدوای هێرشی حەماس لە حەوتی ئۆکتۆبەر بۆ سەر شارۆچکەو بنکە سەربازیەکانی باشووری ئیسرائیل، هەڵوێست و کاردانەوەی دژە ئینسانی دەوڵەتی ئیسرائیل، شکاندنی دەرگای درۆی دیموکراسی و مافی مرۆڤیان نیشاندایین. درندەیی وەڵامدانەوەی ئیسرائیل و گەورەیی زیانە مرۆیی و مادییەکان، خراپترین کابوسی نیشان داین. ئەو ململانێیە بووەهۆی گیان لەدەستدانی هەزاران منداڵ لە غەززە و بووە هۆی وێرانکاریەکی بەرفراوان بۆ کەرتی غەززە. لێکەوتەکانیش کاریگەریان لەسەر تەواوی جیهان دانا، بەو پێیەی پایتەخت و شارەکانی ڕۆژئاواو ئەمریکاو وولاتە عەرەبیەکان ڕێپێوان و خۆپیشاندانی بەرفراوانی بێوێنەیان نمایشکرد. ئەو نمایشەی کە دەوڵەتانی ڕۆژئاواو ئەمریکاو ئیسرائیل و بانگەوازی دیموکراتیەتەکەیان و شەڕەکەیانی تیا شەرمەزار کرا.

بەرزبونەوەی ئاستی ئێستای ئەم ململانێیەی فەلەستین و ئیسرائیل دەوری بینی لە قووڵکردنەوەی زیاتری ئەو بۆشاییە گەورەیەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر وڵاتانی ڕۆژهەڵات لەیەکتر جیادەکاتەوە. ڕۆژئاوا جگە لە سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان و کاری هەرزان شتێکی تری لە ڕۆژهەڵات ناوێت. بۆ ئەمەش بەهەر بەهایەکی نامرۆیی بێت دەیانەوێت کاری لەسەرکەن. دەوڵەتی ئسرائیل بەو قەلا پتەوە دەبینین کە لەلایەک بۆ پاراستن لە ململانێ و مەترسیەکانی شەڕی جەماوەری ڕۆژهەڵات بیان پارێزێت، لەلایەکی ترەوە هاوسەنگی هێز لەبەرامبەر جەمسەرە زلهێزەکانی بەرامبەریان ڕاگرن، بەڵام لایەنگری ئێستای ئەمریکاو ڕۆژئاوا بۆ ئەو درندەییەی ئیسرائیل ئەنجامی ئەدات، بەرگریە لە ترسی هەرەس هێنانی قەڵاکەیان.

لەهەمانکاتدا ئەم شەڕە پرسی فەلەستینی کردە دەرەوەی بیرچوونەوە، جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە پێشەوەی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و مشتومڕی سیاسی، کە نارەزایەتیەکان و دۆستانی خەڵکی فەلەستین داوادەکەن، دەبێت بە ڕێگا چارەیەکی ئینسانی هەنگاو بنرێت بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم کێشەیە، بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا بۆ ئەمریکاو ڕۆژئاواو ئیسرائیل ڕۆشنە کە ڕێگاچارەی ئینسانی مانای شکستی پێگەو نفوزی سیاسیانە لە ناوچەکەدا، مانای ڕۆشناییە لەسەر پوچەڵی ئەو دیموکراتخوازیەی کە سەدەیەک زیاترە جێگای شانازی سەرکەوتنی سیستمی سەرمایەداری و بازاری ئازادە بۆیان.

لایەنگرانی خەڵکی فەلەستین پێیانوایە ناتوانرێت ململانێی ئێستا لە چوارچێوەی گشتی خۆی جیابکرێتەوە، ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکاری ئاڵۆز دەگەڕێتەوە کە گرنگترینیان هەستکردنە بە ئیدانەکردن لە بەرامبەر کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی مەدەنی لە غەززەدا، بەو پێیەی فەلەستینیەکان دەیان ساڵە لەژێر قورسایی داگیرکاری و زەوتکردنی مافەکاندا دەناڵێنن، ئێستاش دانیشتوانی غەززە گەمارۆدراوە لە گەورەترین زینداندان، لەژێر ڕۆشنایی نایەکسانیەکی بەرفراوان لە هاوسەنگی هێزی سەربازیدان، نەبوونی هیچ ئاسۆیەکی سیاسی بۆ دەربازبون لەم شەڕو داگیرکاریەدا، ژمارەی کوژراوان بۆ زیاتر لە ١٩ هەزار کەس بەرزبووەتەوە، بۆیە بە پێرەوەچونی ئەم پرسە مەسەلەیەکی جدی جیهانیەو پێویستی بە بەرینترین فشارو نارەزایەتی بەردەوام هەیە، لەهەمانکاتدا پێویست دەکات بانگەوازی شانازیکردن بە دیموکراتیزمەوە ڕیسوا بکرێت.

ژمارەی قوربانیانی مەدەنی لە ئەنجامی شەڕی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بووە هۆی سەرهەڵدانی نارەزایەتی بەرفراوان لە سەرانسەری ئەوروپادا، ئەمەش دابەشبوونی زیاتری نێوان دانیشتوان و حکومەتەکانی ئاشکرا کرد. حکومەتەکان لایەنگری ڕوانگەی ئیسرائیلن، لەکاتێکدا بیرورای گشتی سۆزو لایەنگریە بۆ خەڵکی فەلەستین.

لەگەڵ بەرزبوونەوەی هەستەکان و قووڵبوونەوەی دووبەرەکی، ئاسان نیە بزانین یەکێتی ئەوروپا دەتوانێت چ ڕۆڵێک بگێرێت، یەکێتی ئەوروپا هەرگیز لە دۆخێکدا نەبووە کە کاریگەری لەسەر پرۆسەی گەیشتن بە چارەسەری سیاسی ململانێکان هەبێت، بەڵکو لەبری چارەسەری ڕیشەیی، بەردەوام لە هەوڵی دیبلۆماسی و ڕێکەوتنی نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا بووە، ئەم جۆرەش لە مامەڵە بە پرسی فەلەستین بە دابڕان لە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین ئاساییە شەڕێکی وێرانکاری وەک ئێستای لێبەرهەم بێت.

لەوکاتەی دەرکەوتی لاوازیەکانی ئۆکرانیا پێشهاتوە، دیمەنەکە بۆ ڕۆژئاواو ئەمریکا تاریکتر بووە، بەوپێیەی دەزانن شەڕی غەززە تاکە هۆکار نییە کە کاریگەری لەسەر بەردەوام بونیان بۆ پشتیوانی لە کیێڤ هەبێت. چونکە ئەو بڕیارەی دادگای دەستووری ئەڵمانیا سەبارەت بە خەرجکردنی پارەی هاوپەیمانی

دەوڵەتی یاسا بۆ سندوقی کەشوهەوا تەرخان کرابو، کە لە سەرەتادا مەبەست لێی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا بو، بووە هۆی قەیرانێکی گەورە لە بودجە ئابووری یەکێتی ئەوروپادا.

جگە لە سەرچاوە مادیەکان، وا پێویست دەکات بەرپرسانی باڵای ئاسایشی نیشتمانی لە ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا کاتێکی بەرچاو بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەرخان بکەن، لەسەر حیسابی ئەولەویەتەکانی دیکەیان، لەوانەش پشتکردنە ئۆکرانیا. ئەوکاتەی کە سەرۆکی ئەمریکاو سەرکردەکانی دیکەی ئەوروپا لە ساڵی ٢٠٢٢دا بۆ دۆخی ئۆکرانیا تەرخانیان کرد، یارمەتی کییڤ بوو بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە ماوەی ساڵی رابردوودا. بەڵام ئەمڕۆ دۆخەکە جیاوازە، چونکە ئەم کێشەیە بەهۆی پێویستی گرنگیدانیان بە شەڕی غەززە، جگە لە پەرەسەندنی قەیرانە ناوخۆییەکانی وڵاتانی گەورەی ڕۆژئاوا، دۆخەکەیان بەرەو خراپتر دەچێت.

دوابەدوای ئەو هێرشانەی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبەردا بۆ سەر ئیسرائیل دەستپێیکرد، ئیدارەی بایدن بە ڕوونی دەرکەوت کە لە پاڵ ئیسرائیل وەستاوە و گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکرد بەناوی ئازادکردنی سەدان بارمتەی مەدەنی و ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی هێرشی هاوشێوەی حەماس لە داهاتوودا. بەڵام لە ماوەی چەند هەفتەی دوای هێرشەکە، هەڵمەتی ئاسمانی و زەمینی کە ئیسرائیل بۆ سەر غەززە دەستپێیکرد، شەرمەزارکردنی بەربڵاوی لە سەرانسەری جیهاندا بەدوای خۆیدا هێنا، تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جەنگی لەسەردرا، بەهۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی مەدەنی، کە هەزاران منداڵی فەلەستینیان تێدابوو، بۆیە بەیاننامە فەرمییەکانی ئەمریکا لەوبارەیەوە بەناچار کەمێ گۆڕانکاریان بەسەردا هات، ئیسرائیلیش کە هاوپەیمانێکی دێرینی ئەمریکایە، وەها نیشان ئەدات شەڕی گروپێک دەکات کە واشنتۆن وەک تیرۆریست دەستنیشانی کردووە، بەڵام بەردەوامی پشتیوانیکردنی بایدن لە درێژەدان بە تاوانکاری و خوێنڕێژیی حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل لە غەززەدا، نیشاندانی شکستی میلیتاریزمی ئەمریکا و شکست و بنبەستی ستراتیژی حکومەتی ئیسرائیلە لەم ململانێیەدا، سەرەڕای کوشتنی دەیان هەزار کەس و کاولکردنی کەرتی غەززە. دژایەتیکردنی حکومەتی ئەمریکا بۆ ئاگربەست و هەر وەستانێک لە تاوانکاریدا، هەوڵدانێکی بێ هودەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی بن بەست و شکستەکانیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ڕۆژئاوا کە پشتیوانی جینۆسایدی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیلن، دەبینین لەژێر فشاری نارەزایەتی جەماوەری و قەیران و دووبەرەکی کە لە نێو دەسەڵاتدارانی خۆیان و حیزبەکان و پەرلەماندا دەرکەوتوە، لە ژێر فشاری ئەوەی نەوەک نارازەیەتیەکان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی فەڵەستین بگۆڕدرێت بۆ بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی لەدژی خۆیان و نەبێتە قەیرانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناوخۆی خۆیاندا، ناچاربوون یەک لە دوای یەک، بەرواڵەت خۆیان لەم تاوانە و ئەنجامدەرانی بەدوور بگرن، ناچاربوون نمایشێک بکەن تاله پێش چاوی کامێراکان ئاماژە بەهەندێ لە تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل بدەن.

ڕیسوایی فاشیزمی ئیسرائیلی، بەدوای خۆیدا تەریک کەوتنەوە و بێبایەخی زیاتری ڕۆڵی ئەمریکا وەک جەمسەرێکی باڵادەست بەسەر جیهاندا بەدوای خۆیدا نیشانداوە، ئەمەش لە ئاکامی بەرفراوانی نارەزایەتی و مانگرتنی چینی کرێکارو نارەزایەتی جەماوەری ئازادی خوازە لەدژی تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل. ئەو نارەزایەتیەی کە بەرگری لە خەڵکی فەڵەستین دەکەن بۆ ژیانێکی ئازاد و ئینسانی.

بەردەوامی هەمەلایەنە و بەرفراوانی ئەم نارەزایەتیانە لەلایەن چینی کرێکارەوە لە سەرتاسەری جیهاندا، نەک هەر حکومەتی ڕەگەزپەرست و فاشیستی ئیسرائیل، بەڵکو ئەمریکا و هەموو ئەو وڵاتانەی پشتیوانی ئیسرائیل دەکەن، پاشەکشە پێدەکات.

☆

**ڕێگاچارەی حزبەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری سەبارەت بە کۆتایی هێنانی هێرشی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی غەزە:**

*** ڕاگرتنی جەنگ و کۆتایی دەستبەجێی بۆردومانی کەرتی غەززە!**

*** کۆتایی هێنانی دەستبەجێی گەمارۆی ئابووری لەسەر خەڵکی کەرتی غەززە!**

*** ناردنی دەستبەجێی هاوکاری دەرمانی و پزیشکی، خۆراک و.. بۆ کەرتی غەززە!**

*** داماڵینی دەستبەجێی ناوچەکە لەچەک و کشانەوەی کەشتیە جەنگیەکانی ئەمریکا و هێزی سەربازی وڵاتانی ڕۆژاوا لە ناوچەکە!**

**کشانەوەی دەستبەجێی ئیسرائیل لە خاکە داگیرکراوەکان و گەڕانەوەی خەڵکی فەلەستین بۆ شوێنی کار و ژیانی خۆیان و وەستانی هەر هەڕەشەیەک لە دژیان!**